
# نەخشی سەر جل و بەرگی کوردی

جلی کوردی چەندین فاکتەر و سیفاتی جۆراوجۆری هەیە کە هەموویان وادەکەن جلەکە نایابتر و جوانتر بێت، هەر یەکە لەو فاکتەرانە جیاوازن لەهەر جلێك بۆ یەکێکی دیکە، وەك: ڕەنگی قوماشی جلەکە، شێوازی درووماني جلەکە، نەخش و نیگاری بەشی دەرەوەی سەر جلەکە، چۆنیەتی گونجاندنی کراس لەگەڵ کەوێ، یان لەگەڵ ئێلەگدا. یەکێك لە کاریگەرترین لایەنەکانی جوانیی جلی کوردی بریتییە لە نەخشی سەر جلەکە، بوونی نەخش لەسەر هەر جلێك ڕێگەیەکە بۆ نیشاندانی دیمەنێك لە جوانی بە جۆرێك بە ڕێگەیەکی شیاو ئامادە کرابێت، مەبەست لەوەش چۆنیەتی دانانی شێوەی نەخشە لەسەر پێشەوە و دواوەی کراس یان کەوێیەکە، جلی کوردی یەکێکە لەو جلانەی کە بە نەخش ڕازاوەتەوە، تا چەند نەخشەکەی نایاب و جوان بێت، زیاتر سەرنجڕاکێشتر دەبێت. دانانی نەخش ڕێگەیەکە بۆ شاردنەوەی ئەو بۆشاییە زۆرەی لە قوماشی جلەکەدا هەیە، دەتوانین ڕێژەیەکی زۆر لە نەخش لەسەر جلی کوردی ئامادە بکەین، چەندین نەخش و نیگاری جوان هەن، دەکرێ بە سانایی لەسەر جلەکانەوە دابنرێن و ببن بەشێك لە جوانی جلەکە، دەتوانی ئەو جۆرە قوماشانەت دەستبکەوێت کە خۆیان بە نەخش و نیگار ڕازاوەتەوە، یان جلی سادە بکرێت و پاشان لەلای بەرگدروو داوای نەخشی بە دڵی خۆت بکەیت، گرنگ ئەوەیە ڕەنگی نەخش و ستایلەکەی لەگەڵ ڕەنگی جلەکەوە جیاواز بێ، ئەمەش بەمەبەستی زیاتر دەرخستنی هەردووانەیانە، چونکە ئەگەر نەخشەکە لە شێوە و ڕەنگی جلەکەوە بێ، ئەو کاتە جوانیی خۆی لە دەست دەدات و بزر دەبێت، ئەو شێوە نەخشانەی ئێستا باون بریتین لە: نەخشی تیرە یان شێوەی بازنەیی مۆدەیە بۆ سەر جلی کوردی.






# ئەنگوستیلەی بچووک بۆ هاوین






چەندین خشل و ئێکسسواری جوانکاری هەن، کە بەشێکی گرنگن بۆ پڕکردنەوە و ڕازاندنەوەی جەستە و لەش و لاری خانمان، بەتایبەت ئەوانەی لەگەڵ وەرزەکاندا گۆڕانکارییان بەسەر دادێت لە هەر کات و شوێنێك پێویستت بە جۆرە ئێکسسوارێکە، بۆیە پێویستە ئافرەتان بتوانن ئەو جۆرە ئێکسسوار و کەرەستانە هەڵبژێرن کە لەگەڵ شێوەی ڕوخسار و جەستەیان گونجاوە، دوو جۆرە ئێکسسوار هەن بۆ وەرزی گەرما بەسوودن، ئەوانیش بازنگ و (ئەڵقە و ئەنگوستیلە)ی دەست و مەچەکن، هەر یەکە لەم ئێکسسوارانە جێگەی بایەخن و تایبەتمەندی خۆیان هەیە و دەتوانی وەك ڕێگەیەکی جوانکاری بۆ ڕازاندنەوەی دەست و پەنجەکانت بەکاریان بهێنیت، بەو پێیەی جوانیی دەست و پەنجە، یەکێکە لە بەشەکانی جوانی جەستەو لەش و لار، ئەگەر ئەنگوستیلە وەك نموونەیەك وەربگرین، دەتوانین بە جوانترین ئێکسسوارەکانی دابنێین بەهۆی ئەوەی زیاتر لە بەرچاوانە و دیارە، گرنگە قەبارەی ئەنگوستیلانە بچووك و لە ڕووی شێوەوە ناسك بێ، بۆ نموونە: ئەنگوستیلەی شێوە بازنەیی، یان شێوەیەکی تێکەڵ، هەروەها ئەوانەی شێوەیان دیمەنی باڵندەیەکی بچووکن، لە وەرزی هاویندا زیاتر ئێکسسواری ئەنگوستیلەی شێوە بچووك باو دەبێ، بۆیە لەم وەرزە سوود لە ئەنگوستیلەی بچووك وەربگرن.










# شێوەی گوڵ بۆ ئارایشتی قژ

شێوەی ئارایشتی قژ، بۆ ئەوەی جوان و ڕازاوە بێ، پێویستی بە مۆدی جۆراوجۆرە، چونکە هەر شێوەی ئارایشتێك سەرنجڕاکێشی خۆی هەیەو تۆی خانمیش دەتوانی ئەو شێوازە بکەیتە یەکێك لەو مۆدە سەرەنجڕاکێشانەی کە خانمان بەدڵیانە. بۆ نەرمونیانیی قژ دەکرێت چەندین ئارایشتی جۆراوجۆری بۆ بکەین، ئەمەش لە ڕێگەی هەڵبژاردنی ئەو جۆرە ئارایشتەی کە مەبەستمانە. هەر تەسریحەیەك، یان ستایلێکی قژ جێدەست و پەنجە و کارامەیی ئەو کەسە دەردەخات کە ئامادەی دەکات، هەندێك لە تەسریحەکان بە شێوە و ڕێگەیەکی سادەوە ئەنجام دەدرێ، کەچی جوانییەکی بێهاوتای هەیە و لەگەڵ هەر ڕوخسار و جلوبەرگێکدا دەگونجێ. یەکێك لەو تەسریحانەی کە بۆ خانمانمان هەڵبژاردووە، ئەویش ئارایشتی شێوە گوڵە کە لە پشتەوەی سەر دادەنرێت.بە یەکێك لە جوانترین و ناسکترین تەسریحەی قژ دادەنرێت و لە نێو ئافرەتاندا باوە، تۆی خانمیش دەتوانی ئەو ئارایشتە لە ماوەیەکی کورتدا ئامادە بکەی، بەم ڕێگەیەی خوارەوە:
سەرەتا بەشی دواوەی قژ دەکرێ بە دوو تەلی گەورەوە کە لە تەنیشت یەکتر دەبن، دواتر هەر یەکەیان دەچەمێندرێتەوە وەك ئەوەی شێوەی لاتەریب بێ و یان زیاتر لە شێوەی کەوان بێ، بە هەمان شێوە تەلەکەی دیکەش وا دەبێ، دواتر لە بەرامبەردا هەمان شێوە دروست دەکەین و بەمەش هەر دوو تەل دەبن بە چوار شێوەی کەوان و بەرامبەر یەکتر دەبن، بەم جۆرە شێوەی ئارایشتەکە دەبێتە شێوەی گوڵ.





# داهاتوومان وڵاتێکی سەربەخۆیە

## سیمبولی ئازادی و پێکەوەژیان و شکۆمەندی بۆ هەموو تاکێکی کوردە

**خەریکە بەرهەمی خەباتی سەدان ساڵە و ئەو هەموو شۆڕش و ڕاپەڕین و قوربانی و هەزاران شەهیدی ڕێگەی ئازادی و ڕووبەڕووبوونەوەی زنجیرە دوژمنەکانی کورد دەردەکەوێت و بەو ڕۆژە دەگەین کە ئاوات و خەونی کەسوکاری ئەو هەموو شەهیدانەی کە خوێنی خۆیان لە ڕێگەی خەبات و شۆڕشانەیان بۆ ئەو گەل و نیشتمانە ڕشتووە، بەدی بهێنین و وەك وەفایەك بۆ دایکانی شەهید، بۆ ئەو هەموو نەهامەتی و ناخۆشییەی بەسەر گەلەکەماندا هاتووە، بۆ ئەو هەموو دوژمن و دەوڵەتە گورگانەی دەیانەوێ ئەو ئەزموونە جوانەی پێکەوەژیانی کوردستان لەناو ببەن، با هەموومان دەنگ بۆ سەربەخۆیی بدەین، تا لە ڕۆژی دەنگدانی ریفراندۆمدا چاوی دوژمنان کوێرتر بکەین و ئاڵای کوردستانیش بە شەکاوەیی بمێنێتەوە و لە وڵاتانی جیهاندا بە جیا و تەنیا دابنرێت، لەم ڕاپۆرتەدا ڕاو و بۆچوونی چین و توێژەکانمان دەربارەی ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان وەرگرتووە و ئەوەی خوارەوە گوتە و وەڵامەکانیانن:**



شنە ئەحمەد: ریفراندۆم پرۆسەیەکی مێژووی گرنگە تیایدا میللەتان بە ئیرادەیەکی ئازاد چارەنووسی خۆیان دیاری دەکەن، ریفراندۆم مافێکی دیموکراسی گەلانە و دەبێت ئەنجامی بدەن بەتایبەت ئەوگەلانەی بە قۆناغی ئازادی گەیشتون ئازادن لە زوڵم و ستەمی بەعس، بەڵام هێشتا نەیانتوانیوە دەوڵەتی سەربەخۆ دروست بکەن. ریفراندۆم چارەنووسی میللەتان دیاری دەکات بۆیە ئێمەی خەڵکی کوردستانیش مافی خۆمانە دوای ئەو هەموو شەڕ و وێرانکاری و ئەنفال و کیمیابارانە، مافی خۆمان بە دەستی بهێنین و لە ڕێگەی ڕاپرسییەوە هەنگاو بنێین بۆ سەربەخۆیی، هەرگەلێك سەربەخۆ نەبێت هەرگیز ئازاد نییە و هەرگیزخاوەنی خۆی نییە و نابێت.



### سەربەخۆیی بە ناوەڕۆک و گەوهەر و پێشمەرجی مانەوە و بوونی تاک و نەتەوە دادەندرێت

دکتۆر پەروێز ڕەحیم مامۆستای زانکۆ لە زانکۆی سەلاحەدین: دەوڵەت بۆ «نەتەوە بێ دەوڵەتەکان» سەرچاوەی هەڕەشە و مەترسیی ماددی و ناسنامەیی و بەهاییە، چونکە دەوڵەت ئەرکی پاراستن و دارِشتنی ئاسایشی نەتەوەیی هەیە و لەکاتێکدا بە مانا گشتییەکەی دەوڵەتێك دیموکراتیك نەبێت و دەوڵەتی ئەو نەتەوەیە نەبێت کە لەچوارچێوەیدا دەژیت، ئەوە خودی ئەو دەوڵەتە لە سەرچاوەی ئاسایشییەوە دەبێتە هەڕشەی بووناسانەی ئاسایشی بۆ نەتەوە بێ دەوڵەتەکە. بۆیە ئەوڵەوییەت و ئەرکی سەرەکیی ستراتیژیی ئاسایشی نەتەوەیی هەر کۆمەڵگەیەك ڕزگاربوون لە هەڕەشە و مەترسییەکان لە ڕێگەی بەدەستهێنانی هێز و دەسەڵاتدارییەتی ڕەوا کە لە چوارچێوەی سەروەریی نەتەوەییدا لە دەوڵەتی نەتەوەییدا بەرجەستە دەبێت. بۆ کوردیش لەم قۆناغەدا و بەپێی ئەزموونە مێژووییەکانی ئەم هەنگاوەی ئەنجامدانی ریفراندۆمی سەربەخۆیی لە چوارچێوەی ستراتیژیی ئاسایشی نەتەوەیی مانا پەیدا دەکات و خوێندنەوەی بۆ دەکرێت. سەربەخۆیی بە ناوەڕۆك و گەوهەر و پێش مەرجی مانەوە و بوونی نەتەوە/تاك دادەندرێت. کە وابوو هیچ بەها و ئەولەوییەتێك بۆ ئاسایشی نەتەوەیی لەسەرووی پاراستنی سەربەخۆیی ئەو کۆمەڵگە/دەوڵەتەدا نییە. ئاسایشی بەمانای گەرەنتی مانەوە و بەردەوامی کیانی نەتەوەیی و سیستەمی سیاسییە کە لە بارودۆخی ئێستادا هیچ گەرەنتییەك بۆ ئەم مانەوە و بەردەوامییە بوونی نییە. چونکە کورد بەشدار نییە لە دارِشتنی ستراتیژیی ئاسایشی نەتەوەیی خۆی لە عێراقدا و ئەم ئاسایشەی دەوڵەتی عێراق بریتی نییە لە ئاسایشی نەتەوەیی کورد. ئەمە بێجگە لەوەی کە خودی ئەو دەوڵەت سەرچاوەی نا-ئاسایشییە بۆ کورد. بۆیە ڕزگاربوون لە هەڕەشە و مەترسییەکانی ناوخۆی و دەرەکی ئەرکی هەر لە پێشینەی ئاسایشی نەتەوەییە، ئەمەش بەبێ دەستەبەرکردنی سەربەخۆیی و سەروەری نەتەوەیی لە چوارچێوەی دەوڵەت-نەتەوەی کوردستاندا نایەتەدی.



## بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ پێویستە یەک دەنگ بین


ژیلە تەیفوور خانمێکی قوتابی دەڵێت: بەمەبەستی هەنگاونان بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ پێویستە لەسەر ئەنجامدانی ریفراندۆم کوردستان یەکدەنگ بین، کوردیش خاوەنی کەلتوور و ئایینی جیاوازو نەتەوەی جیاوازو زمان و نووسینی خۆیەتی، جگە لەوەی مێژوویەکی دەوڵەمەندی پڕ لە ڕووبەڕووبوونەوەو ئازاری هەیە. کورد ئەو میللەتەیە کە تا ئێستا ڕووبەڕووی چەندین تاوان و شێوازەکانی لەناوبردن و پاکتاوی نەتەوەیی و تووشی کوشتار و سڕینەوەی نەتەوەو داگیرکاری و کیمیاباران بووەتەوە، بەڵام بەهێزی و خۆڕاگری و بوونی هەستی نەتەوایەتی وایکرد، کورد بەسەر هەموو ئەمانەدا زاڵ بێت و شان بەشانی وڵاتان لە پێشکەوتن بەردەوام بن و گۆڕانکارییە سەردەمییەکان دوا نەکەون، ئێستاش کاتی ئەوەیە کورد ببێتە خاوەن دەوڵەتێکی سەربەخۆ، تاکە زامنیشی یەکدەنگییە.

## برسیی تام و چێژی ریفراندۆمم




عومەر جەوهەر: برسیی تام و چێژی ریفراندۆمم، خودا تەمەن بدات تا دەگەمە ئەو ڕۆژەی دەنگ بە بەڵێ بۆ سەربەخۆیی دەدەم، دواتر بشمرم گرنگ نییە، چونکە ئێمەی کورد کەسانێکی ئازاد و بەختیارین و هەمیشە وڵاتی کوردستان لە دڵماندایە و چەندین ساڵە خەونی پێوە دەبینین، میللەتێکی ژێردەستە بووین و ئیتر قبووڵ ناکەین بەم جۆرە بژین، بۆیە دەنگدان مافی هەمووانە و پێویستە ئەو فورسەتە لە دەست نەدەین.

## ریفراندۆم مافێکی سەرەتایی و ڕەوای گشت کورد و کوردستانیانە




موسەنا مەحموود: ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی مافێکی سەرەتایی و ڕەوای گشت کورد و کوردستانییانە. خۆزگە لایەنەکان یەکهەڵوێست ویەکدەست بوونایە، بەڵام ئەمەیان دەرەنجامی ململانێ سیاسییەکانە، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە میللەتەکەمان دەنگی سەربەخۆیی بەرز بکەنەوە، بە هیوای سەرکەوتن و ئازادی بۆ نەتەوە و گەلی کورد و کوردستان، ئێمە شایەنی ئەوەین کە دەوڵەت و وڵاتی خۆمان هەبێت و بە دڵخۆشی و ئازادی تیایدا بژین.

## بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان



عەبدولخالق موحەمەد: بەداخەوە تەوژمێك، كە دەنگێكی نەشازی نێو بزاڤی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردستانە. هەوڵدەدەن بڵێن ریفراندۆم زیان بە داهاتووی هەرێم دەگەیەنێ. کەسێك مەگەر زۆر سادەو نەفام بێت، یان پڕاوپڕ بێت لە ڕق و قین بەرامبەر دەستکەوتەکانی گەلی کوردستان، ئەگینا چۆن دەچێتە بەرەیەك كە باش دەزانێت ئایندەی کوردستان تا لەگەڵ داگیرکەران بێت تاریك و تاریکتر دەبێت، بەڵێ بۆ ریفراندۆم، بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان.

## کورد مافی ڕەوای خۆیەتی بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی بدات



دکتۆر فەیسەڵ عارەب بڵباس: کورد وەکو نەتەوەیەکی زیندووی خاوەن خاك و مێژوو بەپێی هەموو پێوەرە ئایینی و ئەخلاقی و یاساو ڕێساکانی مافی مرۆڤ و پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان مافی ڕەوای خۆیەتی بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی بدا، بەڕێوەچوونی گشتپرسیش بۆ وەرگرتنی ڕای میللەت لەبارەی ژیانی دواڕۆژی خۆی شتێکی زۆر سرووشتی و ئاساییە، چونکە بەپێی هەموو بنەماکانی یاسا ئاسمانی و زەمینیەکان بڕیاردان هەر دەبێ بەدەستی خۆی بێ و بەخۆی چارەنووسی خۆی دیاری بکا، ئەنجامەکەشی دەبێ زۆر بەسینگێکی فراوانەوە وەربگیرێ چ لەناوەوە بێ، یان لەدەرەوەو ڕێز لە ڕای گەل بگیرێ.



# جیاوازی وێنە

- لەم دوو وێنەیە چەند جیاوازییەک هەیە بیاندۆزەوە !



## پەنـــد و وتـە

**بنیامین فرانکلین کە یەکێك لە سەرۆکەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بووە، بۆ ژیانی مرۆڤ دەڵێ:**

زۆربەی مرۆڤ بەهۆی نەگەیشتنیان بەو ئومێد و ئاواتانەی لە ژیانیاندا هەیانبووە لە تەمەنی (٢٥)ساڵیدا دەمرن و هەر وا دەمێننەوە تا لە تەمەنی (٧٥) ساڵیدا دەنێژرێن.

## پوختەی فیلم

### فیلمی گەیشتن – Arrival

باس لە گەیشتنی چەند کەشتییەکی ئاسمانی دەکات، کە لە (١٢) ناوچەی زەویدا جێگیر دەبن و بەمەش لێکۆڵەر (لیویز بنۆك) کە ڕۆڵەکەی لەلایەن خانمە ئەکتەر (ئیمی ئەدامز) بینراوە، لێکۆڵینەوە لە هاتنی ئەو کەشتییانە دەکات، لەلایەکی دیکەوە زۆربەی وڵاتانی جیهان خەریکی جەنگن، بەمەش لیویز پەیوەندی لەگەڵ کەشتییەکانی ئاسمانی دروست دەکات تا لێیان تێبگەن بۆچی هاتوونەتە سەر زەوی. فیلمێکی زانستی، لێکۆڵینەوەییە، ماوەی فیلمەکە (١) کاتژمێر و (٥٨) خولەکە، وێنەکانی لە وڵاتانی ڕووسیا و بەریتانیا گیراوە، لە دەرهێنانی (دینیز ڤیلینوێڤ)ـە، بودجەی فیلمەکە (٢٠٣) ملیۆرن دۆلار بووە.



**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

بە دوای هەڵەکانی ڕابردوو مەکەوە و گرنگی بەداهاتووت بدە، کەسێکی لێهاتووی و دەزانی چۆن خۆت لەگەڵ دەوروبەرت بگونجێنیت، بەڵام زۆر وریای خۆت بە و تێکەڵ بە کێشەی کەسانی دەوروبەرت مەبە، ئەگەر هەر گرفتێکیشت هاتە سەر ڕێ، ئەوا بە هێمنی و زانایی مامەڵەی لەگەڵدا بکە.

**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

خەریکی بەدەستهێنانی ئەنجامێکی باشی لە کارەکانت، نابێت خۆت بە شتی لاوەکی خەریك بکەیت و کارە سەرەکییەکانت فەرامۆش بکەیت، باشترە ئارام بیت و هیچ بابەت و مەسەلەیەکی هەستیار لەگەڵ دۆستەکەت مەورووژێنە، ڕەنگە دەست بەچەند چالاکییەکی نوێ بکەیت.

**جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠**

مەهێڵە کاریگەری کەسانی دیکە ببنە هۆی ساردبوونەوەت لەسەر ئەو هەنگاوانەی ماوەیەکی زۆرە بڕیوتە و بەردەوام بە لەسەریان، لەم ماوەیدا گوشارەکان لەسەرت کەم دەبنەوە، یاخود چارەسەری گرفتێکی گەورەت دەکەیت، لەبواری دڵدارییەوە بەکاتێکی هەستیارو ناسکدا تێپەڕدەبیت.

**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

هەست بە ئازارەکانی پێشووت دەکەیت و بەمەش ئەرکەکانت پشتگوێ خستووە، ئەو ماوەیەی داهاتوو بەرەو خۆشی ڕێگە دەگریت و لەگەڵ کەسانی دەوروبەرت نەرمتر مامەڵە بکە، هەست بە نارەحەتی دڵەڕاوکێ دەکەیت، ئەمڕۆش زیاتر چاودێری کاوروبارەکانت بکە، چونکە هێشتا بارودۆخ ئاسایی نەبۆتەوە.

**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**

نیازی نزیکبوونەوەت لەگەڵ کەسێکدا هەیە، بەڵام واچاکە زیاتر بیناسیت و شارەزای بیت، نەوەك دواتر ئەو نیازە بە خراپە بۆت بگەڕێتەوە، فشارو گوشارەکان لەسەرت ماوە، بۆیە پێویستە هێمنی و ئارامیی خۆت لەدەست نەدەیت ء واقعییانە لەگەڵ دەوروبەرت هەڵسوکەوت بکەیت.

**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

ماوەیەکە بێزاریت پێوە دیارە، چونکە لەگەڵ کەسێکدا کێشەتان هەیە و بە بڕوای خۆت زوو چارەسەر نابێت، بەڵام وابیر مەکەوە، چونکە بەرەو باشی دەچیت. ڕەنگە بیر لەسەردانیکردنی چەند کەسێکی نەخۆش، یان زیندانی، یان بێچارە و تەنیا بکەیتەوە بۆ دڵدانەوەیانء هاوکاریکردنیان.

## فۆتۆگراف



وێنەیەکی سرووشتیی وێنەگری ئەڵمانی (کریستیان زیگلەر)ـە کە لە ساڵی (١٩٧٢) لەدایکبووەو یەکێکە لە وێنەگرە پرۆفیشناڵەکانی بواری بیۆلۆجی، زیاتر لە (١٠٠) وێنەی بەناوبانگی هەیە، ئەو وێنەیەی باس لە یەکیك لە جوانترین ڕووەکەکان دەکات کە وەك ڕاوچییەکی سرووشتی دەمی کردۆتەوە، ئەو ڕووەکە ناوی (Nepenthes villas)ـە، وێنەکە لە ناوچەکانی (کەنابلۆ) لە بەرزییەکانی وڵاتی مالیزیا لە کیشوەری ئاسیا بە کامێرای (کانۆن– EOS٥D) گیراوە، بە خێرایی شەتەری (٦/١)، و (F-stop ١٨,٠)، Focal Lengthی (١٦,٠)، ISOی ٣٢٠.



## كاريكاتێر

- ئەو کاریکاتێرە باس نەبوونی ئازادی بۆ دەربڕین، بە تایبەت لە نێو ئینتەرنێتدا، چونکە هێڵەکە بە بەردەوامی چاودێری لەسەرە و لە هەر کات و ساتێکدا ڕەنگە ببڕێت، کە ئەوەش لەلایەن دەسەڵاتی زۆربەی وڵاتانی جیهان کۆنترۆڵ کراوە.

## یاری وێنە

لەم وێنەیەدا لە ترافیك لایتێك بگەڕێ و بیدۆزەرەوە، دواتر هەوڵبدە بزانیت کە ئەو ترافیکە لە لێواری ئەو ئاوەدا بۆچی دانراوە و مەبەست چییە؟



### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

هەست دەکەیت کەسێکی فەرامۆش کراوی و ئەمەش مافێکی خۆتە، چونکە بیرکردنەوەت جیاوازە و لەگەڵ هەموو کەسێك ناگونجێت، بیرکردنەوشت قووڵ و بەرفراوانە. ڕەنگە چارەسەرییەکی گونجاو بۆ کیشەکەت بدۆزیتەوە. گەشتێکی بەسوود ئەنجام دەدەیت، دەستکەتی ماددیت لەجاران زیاتر دەبێت.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

کەسانێك هەن دەیانەوێت کاریگەری لەسەر کارەکانت بکەن، تۆش ڕێگەیان مەدە و لەسەر هەوڵ و هەنگاوەکانت بەردەوام بە، ئەوەی پێویستە لەسەرت ئەوەیە کە ئاگاداری خۆت بیت. ئەو ماوەیە تووڕەو توند دەردەکەویت و هەڵچوون بەسەرتدا زاڵ دەبێتء ڕازی نابیت گۆڕانکاری لەهەڵوێستە هەڵەکانت بکەیت.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

ئەوانەی دژایەتیت دەکەن، وا هەست دەکەن بەسەر تۆدا زاڵ دەبن و کەچی لە ئەنجامدا پەشیمان دەبنەوە و دان بە شکستەکانیاندا دەنێن، تۆش لە ئێستادا چوستی و چالاکی و گەشبینیت پێوە دیارە، لەوانەیە لەگەڵ خۆشەویستەکەت پەیوەندی بکەیتء زیاتر دڵخۆش بیتء گوێبیستی هەواڵی خۆش دەبیت.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

کەسێکی دڵ گەورە و خاوەن کەسایەتییەکی بەهێزیت، بۆیە ئەوانەی دەوروبەرت بە چاوێکی بە نرخەوە سەیرت دەکەن، خۆت مەخەرە نێو کێشەی کەسانی دیکە، پێویستە لەمافەکانت بپێچیتەوەو فەرامۆشیان نەکەیت، چونکە کەسانێك بەدوای ئەوەن مافەکانت زەوت بکەن.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

بڕوات بە خۆت بێت و داهاتوویەکی باش چاوەڕێتە، ئەو کەسەی خەریکی دژایەتی تۆیە، لە ناکاو بۆت دەگەڕێتەوە و تۆش ئەو کاتە قبووڵی مەکە. ئارامی و هێمنی خۆت بەدەست دەهێنیتەوەو ئارەزووی شوێنی هێمن و دڵگیر دەکەیت. زۆر لەبیری دۆستەکەتدا دەبیت ء ئارەزووی دیداری دەکەیت.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

ماوەیەکە ڕەشبینیت پێوە دیارە و ئەوەش بیر کردنەوەیەکی هەڵەیە، چونکە تو کەسێکی بەتوانایت و دەبێت هەمیشە چاوەڕانی ئەنجامی باشی کارەکانت بیت. پاش بەسەربردنی بارودۆخێکی ناهەموارو نالەبار ژیانت بەرەو دۆخێکی باشتر دەگۆڕێت، بەتایبەتی لەبواری سۆزدارییەوە زۆر دڵخۆش دەبیت.